# قەیرانی پێکهێنانی حکومەت و تەنگژەی دەوڵەتی عێراق

## دیالۆگ لەگەڵ خود سەبارەت بە دەوڵەت

دەوڵەت بەتەواوی شتێکی دیکەیە، کاتێک سوپاکەی لە سەربازگەکاندا بێ. پۆلیس لەبنکەکانیاندا، ئاسایش زانیاری سەبارەت بە هێمنایەتی نیشتمان کۆدەکاتەوەو لە گەڕەکەکاندا دابەش نابن بۆ دەستگیرکردنی هاونیشتمانیان. وێڕای ئەوەش بریمەر لە بڕیارەکانیدا هەڵەی کرد، لەوانەش پەلەکردن لە هەڵوەشاندنەوەی سوپای نیزامی، لەجیاتی سڕکردنی پاسەوانی کۆماری، کە چارەسەری دیکەی هەبوو، بەڵام هەڵەکان شیاوی راستکردنەوەن کاتێک کە دەوڵەت هەبێ. کەچی کاتێک دەوڵەت لە شێواوی دەناڵێنێ، هەتا پێکهێنانی حکومەت بۆ ئەو دەوڵەتە دەبێتە تەنگژە و قەیران و کارەسات.

بەچاوپۆشین لە رابردوو، هەموو عێراق هەتا زیانلێکەوتوان بەهۆی گۆڕینی حوکم ئەگەر عاقڵ بن دەرفەتێکی زێڕین بۆ هەموان هەیە کە ئازادن لە هەڵبژاردنی ئەوانەی حوکمیان دەکەن.

لە 7ی ئازاری رابردوو، عێراقیەکان بەوپێیەی وەک لایەنی یەکەم رێککەوتنێکیان لەگەڵ لایەنی دووەم کە سیاسیە پاڵێوراوەکان بوون بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان کرد، بەوهۆیەوە عێراقیەکان کۆمەڵێک سیاسیان راسپارد تا کاروباریان بەڕێوەببەن و پارێزگاری لە سەرو گیان و ماڵ و ناموس و ئاسایش و سەلامەتیان بکەن، بەڵام ئەوە حەوت مانگ گوزەرا، بێهیوایی بەرەو ناخی لایەنی یەکەم دزە دەکات، گومان دەبێتە وێنا کە حکومەتی هەڵبژێردراو کاروبارو بەرژەوەندیەکانیان بەڕێوەببات. ئایا قەیران، قەیرانی پێکهێنانی حکومەتە یان دەوڵەت لەنەبوونی دەستورێکی کارای دژی پێشێلکاری و بێبایەخکردن و کەمتەرخەمی دەناڵێنێ؟ قەیرانی پێکهێنانی حکومەت، قەیرانی دەوڵەتە لە عێراق. دەوڵەت : 'دەوڵەت جۆرێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی' زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی دوفابر وای ناسیوە؛ ئەرکی ئەو دەوڵەتەش مسۆگەرکردنی هێمنایەتی دەوڵەت و هاونیشتمانیەکانیەتی لەبەرانبەر هەڕەشەکانی ناوەخۆو دەرەکیدا.

دەستخۆش ئەی دوفابر چونکە ئێمەی عێراقیت هۆشیار کردوە (لەسەر تایبەتمەندی راوەستاوە) پێویستمان بەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە هەیە بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشمان لە بەرانبەر هەڕەشەکانی دەرەکی و ناوەخۆدا! هەروەها لە سیستەمی بەڕێوەبردن کە دەوڵەتی نوێی عێراقی هەیەتی هۆشیارت کردینەوە کە لەلایەکەوە شێوازێکە بۆ رازیکردنی داخوازیەکانی جەماوەرو رای گشتی کە سیاسیانە دەریدەبڕێ. لەلایەکی دیکەوە ئەو سیستەمە ئامرازی دەستەڵاتە، واتە گەندەڵ و گەنیو نابێ، چونکە خودی دەوڵەت گەندەڵەو بۆ کارپێکردنەوە نەشیاوە، وەکو سێوێکی گەنیوی ناو سەتڵی خۆڵ دا.

ئای دوفابر لێمگەری بچمە لای هۆبز، روانگەی دەوڵەتی درندە کە هەموو شتێک گر دەدات، چونکە دەوڵەتی چەوساندنەوەو یان دەستەڵاتی رەهایە. هۆبز لەبەر هۆیێکی سادە و جوان و ئاشکرا دژی بوو. ئەو دەڵێ زمان ئەسڵی دەوڵەتە، بەڵام بۆچی ئەی هۆبز؟ بە راشکاوانە وەڵامان بدەوە لە عێراق بزری دەکەین: ئاژەڵەکان ناتوانن دەوڵەت دابمەزرێنن چونکە بەستە زمانن و ناتوانن قسە بکەن.

لە گەورەیی خوا، وەک ئەوەی هۆبز موسڵمان بێ و باوەڕی بە قورئان بێ، کەچی فەرمانڕوایانی موسڵمانان باوەڕیان پێ نیە. قورئان ئادەمیزادی رێزلێگرتووە، بە زمانێکی قسەکەرو راشکاوانە سەرپشکی کردون لە بیناتنانی دەوڵەت کە جۆرێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆ پارستنی گیان و ماڵ و ئاسایش و مافەکانیان. بەڵام وێڕای ئەوانە بۆ قەیرانی پێکهێنانی حوکمەت چارەچیە؟

دەوڵەت دەستەڵاتێکی خاوەن سەروەرییە، سەروەری دەوڵەتیش بریتیە لە مافەکانی گەل.

چارە، کەواتە دەوڵەت لە عێراق لە کوێدایە؟

باشە، هەنگاوێکی دیکە دەبڕین: لەسەر دەوڵەت پێویستە دەستەڵاتی حوکم کردن لە ناکۆکی نێوان هەموو هێزە کۆمەڵایەتیەکاندا پیادەبکات.

راستە، بەخوای راستە، دەوڵەت لە عێراق لە کوێیە قەیرانی پێکهێنانی حکومەت چارەسەر بکات. رێک ئەو قەیرانە ململانێیەکە لەنێوان هێزەکاندا.

رێمانبدەن هەنگاوێک تێپەربکەین، دەوڵەتناسان لە جیهانی نوێدا دەڵێن: پەسندکردنی رای گشتی (رای گەل بە تێکرای کەرتەکانیەوە مانای رای گشتی نادەن، لێرە رۆژنامەیە، بەتایبەتی رۆژنامەوانی سێبەر کە بەردوام بۆ دیاری و بەخشیش لە دوای حکومەتدا رادەکات)

هەر بژین و دەستتان خۆش بێت ئەی دەوڵەتناسان، وەرن لە گەلی عێراق بپرسن: ئایا دەوڵەتەکەیان قەبوڵ دەکەن، ئایا گەلی عێراق دەڵێ کە دەوڵەت بوونی هەیە؟

چوار دەیەیە کە عێراق لە نەبوونی دەوڵەتدا دەناڵێنێ.

حزبی بەعس هات و گوتی هاووڵاتی عێراق نیە، بەڵکو بەعسی عێراقی، هەموو عێراقیەک ئەگەر ئینتماش نەکات بەعسیە، یان فەرزە لەسەری. خەڵک لە ترسان و خۆبەخشانە بۆ وەدەستهێنانی قوتی بژێو، بۆ دورکەوتنەوە لە کێشەو تەماع و لەبەر گەلێک هۆی جۆراوجۆر ئینتمایان کرد. دەوڵەت بزربوو، پێناسەی عێراق بە پلەی یەکەم لە حزبی بەعس، نەسیر، لایەنگر، ئەندام، ئەندام فرقە، هەتا دوایی بەرجەستەکرا. هەر چینێک واتە ئیمتازێک لەو چینەی کە پێشی دەکەوێ. کەواتە عێراق لە کوێیە؟

عێراق لە حزبی بەعس دابوو، کەواتە کوانێ دەوڵەت کە عێراقییەکان تێیدا دەژین؟ دەوڵەت بوونی نیە کە عێراقی تێیدا بژی، چونکە دەبوایە عێراقی لە حزبی بەعس بژی، هەتا ئەگەر هاواری بکردبایە: خوا گەورەیە نامەوێ ببمە بەعسی. دەیانگوت: ئەی عێراقی نابیە بەعسی، بەڵام لە کوێ کارت دەستدەکەوێت؟ چۆن زانکۆ تەواو دەکەیت، چۆن شوێنی نیشتەجێبوون و فێکردنکردنی منداڵەکانت پەیدا دەکەیت؟ بەو شێوەیە بوونی دەوڵەتی عێراق بزر بوو. حزبی بەعس شوێنی دەوڵەتی گرتەوە، ئەوەی ئینتما بۆ حزبی بەعس نەکات نابێتە هاووڵاتی لەم دەوڵەتەدا.

ژان مۆرانژ، دانەری کتێبی 'ئازایەکانی گشتی' دەفەلسەفێنێ لەسەر هەندێ کەس لەوانەی کە وا بیر دەکەنەوە کە هەر قسەیەک سەبارەت بە ئازادی، ماف، یەکسانی و ویست، فەلسەفەیێکی بەتاڵە، لە رۆژئاواوە هاتووە، وەک ئەوەی کە رۆژهەڵات جەنگەڵێک بێ پڕ لە بکوژ و دز و دیکتاتۆر، نووسین دەربارەی راوانی چەوسانەوە سوودی نیە!

مۆرانژ دەڵێ: ئازادیەکان، بەسە کە ئاماژە بە ئازادی خڕبوونەوە، کۆبوونەوە، رۆژنامەوانی بدەین کە بۆ دابینکردنی ئازادی پێکهێنانی ویستی گشتی بە پێویست دادەنرێ.

لە 7ی ئازار عێراقیەکان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد، بەڵام ئەو نوێنەرانە بێ ئیرادە دەرچوون، کەواتە پاشان چی؟ عێراقیەکان دەستیان بە رەخنەگرتن لە رەفتاری نوێنەرانیان کرد. بە راست و رەوانی کەوتنە ئاماژەکردن: (چ کاتێک حکومەت پێکدەهێنن؟ ئێوەمان هەڵبژارد تا حکومەت پێکبهێنن، ئەمە حەوت مانگە گوریس کێشانی دەکرێ و عێراق بێ حکومەتە).

مۆرانژ زیاد دەکاو دەڵێ: ئەگەر پێچەوانەی ئەوەمان داواکرد، دیموکراتیمان شێواند و وێنەیەکی کاریکاتێریمان پێدا.

بە خوا من بەتۆ سەرسامم نەک بە رۆژئاوا. من بە رامان و بەرپرسیاریتان بەرانبەر بە گەلانتان سەرسامم، بە راستگۆیی و قوربانیدانتان لەپێناو نەتەوەو گەلانتان سەرسامم.

راستیان گوتوە: لە رۆژئاوا ئیسلامی بێ موسڵمان، لە رۆژهەڵات موسڵمانی بێ ئیسلام.

هۆبز وادادەنێ کە دەوڵەت تاکە کەسێکە و هەموو کۆمەڵ بەگشتی بەرجەستە دەکات، بەو مەرجە تەواو دەبێت کە رەزامەندی هەمو ئەوانەی لەگەڵدا بێ کە ئەو کەسەیان پێکهێناوە. بەڵام ئەو تیشکە لێرە لە عێراقدا چاو کوێر دەکات. کێ لە دەوڵەتێک رازی دەبێ کە کۆمەڵی گشتی ئەوانەی جەستەی دەوڵەتیان پێکهێناوە، بەرجەستە ناکات؟

دیکتاتۆریەت دەستی بەسەر هەمووان داگرتوە تا لە جیاتی دەوڵەت ببنە تاکە کەسێک و نوێنەرایەتی هەمووان بکات.

هاوکێشەکە هێندە ئاڵۆز نیە وەک دەبینرێ، دەوڵەت ناسنامەی گشتییە، چەترێکەو گشت لە ژێری دادەنیشن تا کەسیان بە تیشکی هەتاوی هاوین بریندار نەبن. دەوڵەت فەزیلەو نیعمەت و بەختەوەرییە، چونکە هەموان دەپارێزێ، یەکسانی دەنرخێنێ، دەرفەتی وەکهەڤ لە کارو مافی نیشتەجێبوون و فێربوون و تەندروستی و بیمەی تەندروستی بە یەکسانی مسۆگەرو دابین دەکات.

ئەوەی باوکی نەبێ، دەوڵەت باوکیەتی، ئەوەی دایکی نەبێ، دەوڵەت دایکیەتی، ئەوەی خانەوادەی نەبێ، دەوڵەت خانەوادەکەیەتی. بەخوای دەوڵەت نیعمەتە ئەگەر بزاندرێ بەشێوەیەکی راست پێکبهێنرێ و دڵسۆزی بۆ بکرێ.

ئەو دەوڵەتەی کە باسی لێوە دەکرێ، دەوڵەتی دیموکراتیە، واتە دەوڵەتی ماف و یاساو دامەزراوەکان و زەمان و یەکسانی هاونیشتمانی بوون. نەک دەوڵەتی عێراق کە چوار دەیەیە بوونی نیەو بە ئاشکرا زەوت کراوە.



نووسینی: نەبیل یاسین

سەرچاوە: رۆژنامەی ئەلمواتن

تێبینی: نووسینەکە درێژ بوو بۆیە کورت کراوەتەوە.

# کوردکوژێک دەیەوێ رۆڵی سەرانی دەوڵەت ئاشکرا بکات

عەبدولقادر ئایگان، کوردێکی باکووری کوردستانە کە پێشتر ئەندامی پەکەکە بووە، بەڵام سەر بە "ژیتەم" ـ دەستی شاراوەی دەوڵەت ـ بووە، چەندساڵێکە وەک پەنابەری سیاسی دانیشتووی وڵاتی سوێدە.

ناوبراو، کە پێشتر لە چەند دیدارێکی تەلەفیزیۆنیدا لەگەڵ (رۆژ تی ڤی)، وردەکاریی کوشتنی رۆشنبیر و چالاکانی سیاسیی کوردی باکووری کوردستانی بە دەستی "ژیتەم" ئاشکرا کردبوو، رایدەگەیەنێ کە دەیەوێ رۆڵی سەرانی دەوڵەتی تورک ئاشکرا بکات لە چالاکییە تیرۆریستییەکانی هەردوو رێکخراوی "ژیتەم" و "ئەرگەنەکۆن"دا.

دۆزگەرانی تورک کە دوای ئاشکرابوونی ئەگەری کودەتای سەربازی لە حکوومەتی ئەردۆگان، سەرقاڵی کۆڵینەوە و ئاشکراکردنی کار و چالاکییەکانی رێکخراوی "ئەرگەنەکۆن"ن، بە فەرمی داوایان لە حکوومەتی سوێد کردووە کە عەبدولقادر ئایگان رادەستی تورکیا بکەنەوە، بەڵام دادگایەکی سوێدی لە ماوەی رابردوودا، بە بەهانەی ئەوەی ئەگەری ئەشکەنجە و بەندکردنی هەیە، ئەو داوایەی دۆزگەرانی تورکیای رەت کردەوە.

ناوبراو، دەیەوێ وردەکاریی ئەو هورووژمە تیرۆریستییە ئاشکرا بکات کە بە ناوی "بکەری نادیار" باکووری کوردستانی گرتبۆوە، روونی دەکاتەوە کە "ساڵانێکە دۆزگەرانی تورکیا وەڵامی داواکارییەکانم نادەنەوە، بەڵام سەرئەنجام ئەگەر بۆخۆشیان نەهاتبن، پرسیارەکانیان بە نامەیەکی فەرمی هاتووە".

ئەوەش رادەگەیەنێ کە "لە دیمیرێلەوە تا چیللەر، لەمەڕ ژمارەیەکی زۆر کەسی دیکەشدا لێدوانم دەبێ؛ ئەگەر ئەو لێدوانانەم بەرچاو نەگیرێن، دەرفەتی روونکردنەوەم پێ نەدرێ، ئامادە نابم وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە."

ئایگان ئاماژەی بەوە کرد کە لە رێگەی وەزارتی دادی سوێدەوە، لە 70 پرسیاری سەردۆزگەری کۆماریی دادگای ئامەد، 27 پرسیاری پێگەیشتووە. ئەو پێشتر، لە ریپۆرتاژێکی تایبەتدا لەگەڵ ئاژانسی (جیهان)ی تورکیا، رایگەیاندبوو کە ئامادەیە هەموو ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە "قەتڵەکانی بکەری نادیار" و "ئەرگەنەکۆن" لە لایەتی، بیداتە سەردۆزگەرانی دۆزەکە.

هەرچەند ناوی ناوبراو لە پێوەندیی لەگەڵ نزیک بە 70 "قەتڵی بکەری نادیار"دا هاتووە و ناوبراویش ئامادەیی خۆی بۆ ئاشکراکردنی وردەکاریی ئەو قەتڵانە راگەیاندبوو، تا چەند رۆژی رابردوو هیچ داوایەکی فەرمی بە دەست ناوبراو نەگەیشتبوو، بەڵام ئێستا دۆزگەران ئەو ژمارە پرسیارەیان بۆ ناوبراو رەوانە کردووە.

عەبدولقادر ئایگان کە لەو بوارەوە بۆ پەیامنێری (جیهان) دواوە، رایدەگەیەنێ کە "ئەو پرسیارانەی لە بابەت دۆزەکانەوە بە من گەیشتوون، دوو تەوەری سەرەکی لە خۆ دەگرن. یەکەمیان ئەو پرسیارانەن کە پەیوەندییان بە دۆزی ژیتەم و "قەتڵەکانی بکەری نادیار"ەوە هەیە لە ئامەد و دووهەمیشیان پرسیاری تەڵە دانانەوەن، پەیوەندییان بەو بابەتانەوە هەیە کە لە مێدیاکانی پەکەکەدا لە زمان منەوە باس کراون و وردەکاریی یەکە یەکەی رووداوەکانیان دەوێ. پرسیارگەلێکن کە لە پێناو دۆزینەوەی بەڵگەی ئێعدامکردنمدا لێم کراون."

ئەو ئەندامەی پێشووی "ژیتەم" لە درێژەدا سەبارەت بە پرسیارەکانی تەوەری دووهەم رایگەیاند "بە گوێرەی پارێزەرەکەم لە سوێد، بۆم هەیە وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە نەدەمەوە، ئەگەر نەمویستبا دەمتوانی وەڵامی هیچ کامیان نەدەمەوە، بەڵام پەیمانێکم بە رای گشتی داوە، رامگەیاندبوو کە ئەگەر سەردۆزگەر بێتە ئێرە یان پرسیارانم بۆ بنێرێ، وەڵامی دەدەمەوە."

عەبدولقادر ئایگان باسی ئەوەی کرد کە هەرچەند نەیویستبێ ئەو رۆژانەی بیر بێتەوە، بەڵام هەرچی وردەکاریی ئەو رووداوە ناخۆشانەی بیری هاتۆتەوە، بۆ مێدیاکانی پەکەکەی ئاشکرا کردووە و گوتی "ئەوەی کەوتە سەر شانم کردم، دەبوو ئەو رووداوە ناخۆشانەی ئاگام لێبوون ئاشکرایان بکەم."

گوتیشی "بەڵام ئەوەی زیاتر نیگەرانم دەکا، ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی مەجبووریش نیم خۆم دەخەمە باوەشی ریسکەوە و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە کە سەبارەت بە "ژیتەم" و "قەتڵەکانی بکەری نادیار" لێم دەکرێن."

ناوبراو نیگەرانیی خۆشی لەوە دەربڕی کە کوردەکان ـ پەکەکە و بەدەپە ـ سەبارەت بەو دۆزە بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

ئایگان لە درێژەی قسەکانیدا پەکەکەشی بەوە تاوانبار کرد کە لەبەر ئەگەری ئاشکرابوونی کوشتنە نادیارەکانی ناو خۆیان لەو دۆزە بێدەنگن و داوای لە رای گشتی کرد لەو بوارەوە گوشار بخەنە سەر پەکەکە.

ئەو داوای لە رای گشتی، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و وڵاتپارێزانی تورک و کورد کرد هەوڵ بدەن هەموو وردەکاریی ئەو رووداوانە ئاشکرا بکەن. ئایگان گوتی: رۆشنبیران و رای گشتی هەوڵ بدەن کە سەرانی ئەو سیستەمەی کە "قەتڵی بکەری نادیار" ئەنجام دەدات راکێشی بەردەم داگا بکرێن."

دادگاییکردنی چەند کەس، چەند خۆبەدەستەوەدەر یان کارمەندی ئاسایی و ئەفسەر عەدالەت نابێ؛ دەبێ سەرانی ئەو سیستەمە، ئەو کۆنسێپتەی دەوڵەت کە ماوە ماوە رەچاو کراوە ئاشکرا بکرێ. عەبدولقادر ئایگان وای گوت.

سەبارەت بە لێپرسینەوەکەش رایگەیاند کە "کاتژمێرەکانی سەرلەبەیانییەک دەستی پێکردووە و تا پێنجی دوانیوەرۆ درێژەی بووە، بە گشتی 70 پرسیار بووە ... ئێمە تەنیا لە 70 پرسیار ئاگادارین، بەڵام پرسیارەکان لەوانەیە زیاتر بن، ئەمنیش دەمەوێ هێندێک بابەت زیاتر شی بکەمەوە، بۆیە پرسیارەکان زیاتر دەبن. لە دێمیرێلەوە تا چیللەر، لە سەر زۆر کەسان زانیاریی دەدەم، ئەگەر ئەوانە بەرچاو نەگیرێن، دەرفتی روونکردنەوەم پێ نەدرێ، ئامادە نابم وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە".

سەرچاوە: رێنێسانس نیوز


رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز: ریکار ئەحمەد.. ژمارەی تەلەفۆن:07501191497

سەرنووسەر: حوسێن حەسەن .. ژمارەی تەلەفۆن: 07504471631

www.rojigel.com rojiigel@hotmail.com

هەولێر
گەڕەکی رزگاری
شەقامی شەست مەتری
نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە
07501179846

سلێمانی
پێشتر لەلایەن دەرکراوانەوە
دستی بەسەرداگیرابوو، لە
مانگی رابردوو
فرۆشتویانە..بۆیە بێ ئەدرێسە

کەرکوک
گەڕەکی شۆرجە
بەرانبەر فێرگەی
شۆرجەی کچان
07701325080

رانیە
گەڕەکی رەشەمێرگ
بەرانبەر بارەگای
پێشمەرگەدێرینەکان
07501163805